

# پرینتەرێک لە گیرفان دەخرێت

کۆمپانیای پۆلاروید پرینتەرێکی بچووکی بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ سیستەمی ئەپڵ دەگونجێت، هەرچەندە پێشتر پرینتەری لەم شێوەیە بۆ سیستەمی ئەندرۆید و مۆبایلەکانی هۆشمەند بلاك بێری بەرهەم هاتبوو، بەڵام پرینتەری ئەمجارە بۆ سیستەمی ئەپڵ بەرهەم هاتووە کە بە پرینتەری GL10 ناسراوە.

پرینتەرەکە باترییەکی لیتیومی هەیە و لەتەکنۆلۆژی چاپکردنی زینك سوود وەردەگرێت واتە تەکنۆلۆژییەك کە لەودا حیبر بوونی نییە، بەڵکو کاغەزێکی تایبەت هەیە کە دۆکیومێنت یان وێنەکەی لەسەر چاپ دەبێت، وەك کامێرای پۆلاریدی کۆن کە فیلمەکەی پێویستی بەشۆردنەوە نەبوو.

## باترییەک هەتا دوو هەفتە مۆبایلەکەت شەحن دەکاتەوە

بۆ دابینکردنی وزەی پێویست بۆ بەکارهێنانی مۆبایل هەوڵی چڕ لەلایەن بەرهەمهێنەرانی تەکنۆلۆژیای نوێ لەئارادایە، وەك دابینکردنی وزە لەخۆر، لەئاو، لەئاگر، لەبا... ئێستا ئامێرێك بەهاوتایەکی دیکە شەحنکەرەوەیەکی



مۆبایل بەرهەم هاتووە کە وزەی شەحنکردنەوەکەی لەغاز gas وەردەگرێت. شەحنکەرەوەکە بەهۆی کێبڵێکی USBـەوە پێوەند دەدرێت بەمۆبایل و ئەو ئامێرانەی پێویستیان بەشەحنکردنەوە هەیە. ئەگەر غازەکەشی بڕا دەتوانیت پڕی بکەیەوە. وەك لەوێنەکەدا دیارە قەبارە و کێشی شەحنەکە بەقەد مۆبایلێك دەبێت.

## ئاوێنەی فۆتۆشۆپ

فۆتۆشۆپ بەیەکێك لەبەهێزترین پرۆگرامەکانی گرافیکی دەناسرێت و تەنانەت ئەوەی کاری فۆتۆشۆپیش نەزانێ دەزانێ ڕۆڵی ئەو پرۆگرامە لەبوارەکەی خۆیدا چەندە گرنگە.

ئەگەر تۆش یەکێکی لەئۆگرانی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ، ئەم هەواڵەی ئێستا دەبیستی بۆتان جێگای دڵخۆشییە، لەم دواییە ئاوێنەیەکی تایبەت بەفۆتۆشۆپ بەرهەمهاتووە، ئاوێنەکە هەر وەك ئاوێنەی ئاسایی دەچێت، بەڵام دیجیتالییە و سەرەڕای ئەوەی کە خۆت لەئاوێنەکەدا دەبینی فۆتۆشۆپێکی تەواویشی تێدایە، ئاوێنەکە لەمسییە، دەتوانی لەسەر وێنەکەی خۆت فەرمانەکانی تایبەت بەفۆتۆشۆپ ئەنجام بدەی.






# گەلاکسی 3 تەبلێتێکی بە زمان و گوێ

سامســۆنگ بە بەرهەمهێنانی گالاکســی 3 توانی ســەرکەوتنێکی دیکە بۆخۆی تۆمار بکات و ببێتە پێشــەنگی تەبلێت و مۆبایلی هۆشــمەند. گالاکســی 3 هەم دیزاینەکەی سەرنجڕاکێشەو هەم تواناکانیشی گەلێکن. توانا بەهێزەکانی گالاکســی لەوەدایە کە دەکرێت بەفەرمانکردن بەدەنگ ئەرکەکان جێبەجێ بکات، توانایەك کە لەئایفۆنی S4 دا هەیە. هەروەها بەدەنگیش وەڵامت بداتەوە...

توانایەکی دیکەی گالاکســی 3 (GSIII) ئەوەیە کاتێك لەدەســتت دایە و پێشتر فەرمانت پێکردووە کە لەو کات و ســاتەدا ئاگادارت بکاتەوە، لەکاتی خۆیدا لەدەستتدا دەلەرێتەوە. بەڵام ئەگەر لەدەستتدا نەبوو ئەو توانایە ئەکتیڤ نابێت. توانایەکی دیکەی گالاکسی ئەوەیە کە شاشەکە دەکات بەدوو بەشەوە ئەو توانایەی کە پێیدەگوترێت Pop-up play بەهۆی ئەو توانایەوە دەتوانیت لەبەشێکی شاشەکەدا گرتەیەکی ڤیدیۆیی ببینی و لەبەشێکی دیکەشدا پرۆگرامێکی دیکە بکەیەوە. توانایەکی دیکە ئەوەیە دەموچاوی کەسەکان لەوێنەیەکدا دەناســێتەوەو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بۆ پەیجی کەســەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەینێرێت. توانایەکی دیکەی گالاکســی کە بەS Voice ناسراوە دەتوانێت هەموو فەرمانێکی تایبەت بەکامێرا بەدەنگ بەئامێرەکە بڵێی وەك کێشانی وێنە، لێدانی فلاش. ئەمانە و چەندین توانای دیکە لەو تەبلێتە هۆشمەندەدا هەن.

# داهاتووی یاری ئەلکترۆنی بەرەو کوێ؟

لەم چەند ســاڵەی دواییدا بەپەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای نــوێ، دەروازەیەکی نوێ بــۆ گەمەی ئەلکترۆنــی کراوەتەوە. لەئاتارییەوە بەرەو پلەی ستەیشــن و دواتر بەرەو ئێکــس باکس و هەروەها پــی ئێس پــی.. یاریکردن لەســەر تەلەڤزیۆنی هۆشمەندی گەورە، یاری 5 ڕەهەنــدی. هەموو ئەوانە وایکردووە تەکنۆلۆژیای یــاری ئەلکترۆنی بگاتە لوتکە.

ئێستاکە ئامێرێك بەرهەم هاتووە کە 180 پلە دەســوڕێت و وێنەکان بەکوالیتی HD نیشان دەدات. لەم ئامێرەی ئەلکترۆنیدا دەتوانی یارییەکان بەشێوەیەکی زۆر واقیعــی ببینی، وەك شــۆفێری، ڕاکردن، فڕین و تەنانەت کوشــت و بڕینیش. کورســی ئــەم ئامێرە بەتەواوی هۆشــمەندە، یانی ئەگەر یاری شــۆفێری بکەی، کورسیەکە وەك کورسی ئۆتۆمبێلی لێدێت، ئەگەر یاری فڕۆکەوانی بکەی، کورســییەکە دەبێتە کورسی فڕۆکەوانی.



# تەلەڤزیۆنێکی 55 ئینجی هۆشمەند




هیــچ ماڵێك نییــە کە تەلەڤزیۆنــی نەبێت، ئەگەر بــۆ مێژوویەکی 40 ســاڵ لەمەوبەر بگەڕێینــەوە دەبینین ئەوکات لەگەڕەکێکــدا ماڵێك یان دوو دوو ماڵ خاوەنی تەلەڤزیۆنێکی ڕەش و ســپی بچووك بوون، کەچی ئێســتا گۆڕانکارییەکــی بنەڕەتی بەســەر تەلەڤزیۆندا هاتــووە، وەك تەلەڤزیۆنی پلاســما LED، LCD و لەم دواییەشدا تەلەڤزیۆنی OLED هاتۆتە بەرهەم. تەلەڤزیۆنی OLED بەمانای تەلەڤزیۆنێکی زۆر تەنك دێت وەك شووشەیەکی ڕوون کە ئەو دیویشی دیار بێت.

سامســۆنگ تەلەڤزیۆنێکی OLED کە قەبارەکــەی 55 ئینجە بەرهەم هێناوە. تیڤیەکە کە بەES9500 ناسراوە، تەلەڤزیۆنێکی هۆشمەندە، بەدەنگی بەکارهێنەرەکەی کۆنترۆڵ دەکرێت. هەروەها دەکرێت بەئاماژەش فەرمانەکانی پێبــدەی. جگە لەوەش تەلەڤزیۆنەکە بەهــۆی تەکنۆلۆژیای Smart Dual View و بەســوود وەرگرتن لەچاویلکەی ســێ ڕەهەندی دوو کەناڵ پێکەوە بەشێوەی دوو ڕەهەندی و سێ ڕەهەندی سەیر دەکرێن.

# کیبۆردی هەتاوی تایبەت بە ئایپاد

کۆمپانیای لاجیتیك کۆمپانیایەکی ناسراوە لەبەرهەمهێنانی ماوس و کیبۆرددا، لەم دواییانەدا کۆمپانیای ناوبراو کیبۆردێکی تایبەت بەتەبلێتی ئایپادی بەرهەمهێناوە.

تایبەتمەندی گرنگی کیبۆردەکە لەوەدایە کە بەهۆی خۆرەوە شەحن دەبێتەوە. دەتوانێ ڕووناکی گلۆپەکانی خۆی لەگەڵ ڕووناکی شوێنەکەی خۆی بگونجێنێ. کیبۆردەکە بەجۆرێك دیزاین کراوە، کە لەکاتی تایپ دەتوانی ئایپادەکەی لەسەردابنێی بۆ ئەوەی کە زاڵ بی بەسەر تایپکردندا.

کیبۆردی هەتاوی ئایپاد بەیەکجار شەحنکردنەوە دەکرێت هەتا دوو ساڵ سوودی لێوەربگری بەهۆی بلوتوسەوە بەئایپادەکەوە پێوەند دەدرێت. چەند دوگمەیەکی بۆ بڵاوکردنەوەو بەڕێوەبردنی موزیك و ڤیدیۆ و کۆنترۆڵی دەنگ لەبەرچاو گیراوە کە بەهۆیەوە بەئاسانی دەتوانی کۆنترۆڵی دەنگ بکەی.






# سایتێک بۆ دروستکردنی پەسۆرد

هیچ شتێك لەوشەی پاسوۆرد یان کۆدی نهێنی بۆ بەکارهێنەر و خاوەن سایت و ئیمێلەکان گرنگ نییە، پاسوۆرد بەمانای قفڵ دێت، هەتا قفڵەکەت باشتر و مەحکەمتر بێ، خاوەنەکەی زۆر دڵنیاترە لەوەی کە ئەوانەی بۆ دزی یان کاری خراپ دێنە ماڵەکە، نەتوانن تووشی زیانی بکەن. قفڵی جیهانی مەجازی پاسوۆردی پێدەگوترێت، هەتا پاسوۆردەکەت دژواروتربێت دڵنیاتری لەوەی کە هاککەر و سیخوڕی ئەنتەرنێتی نەهێنە ناو سایت و ئیمێلەکەت زیانت پێبگەیەنن.

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دانانی



پاسوۆردێکی گونجاو، لەگەڵ ئەوەیدا چەند سایتێکیش هەن کە ئەرکیان ئەوەیە پاسوۆردێکی گونجاو و مەحکەم دروست بکەن. سایتی Passwords Generator یەکێکە لەسایتە باشەکان، ئەرکی سایتەکە ئەوەیە کە پاسوۆردێکی گونجاو دەستنیشان بکات. کاتێك سایتەکە دەکەیەوە لەوبەشەی تایبەتە بەپاسوۆرد دەتوانی خۆت وشەیەك دابنێی، سایتەکە پێت دەڵێت ئەو پاسۆردە ئاستەکەی چۆنە لاوازە یان بەهێزە، ئەگەر بێهێز بوو خۆی چەند وشە و کاراکتەرێکت بۆ دەستنیشان دەکات.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی لۆگۆکان

هەتا ئێستا سەرنجی ئارم و لۆگۆی کۆمپانیا و ڕێکخراو و کەناڵە تەلەڤزیۆنەکانت داوە؟ هەندێك لەو لۆگۆیانە زۆر سادەن و باش دەردەکەوێت کە بۆ دیزانیکردنی ئەوانە پێویستی بەپرۆگرام و دیزاینەرێکی شارەزا نییە، بگرە دەکرێت بەهۆی فکرە و سوژەی خۆتەوە بەڕاکێشانی چەند هێڵێکی خوار و تەنانەت بازنەیەك لۆگۆیەکی تایبەت و گرنگ دروست بکەی.

پرۆگرامی EximiousSoft Logo Designer بۆ ئەو بەکارهێنەرانە بەرهەم هاتووە، کە شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەدیزاینی لۆگۆدا نییە، هەڵبەتە ئەو پرۆگرامە پرۆگرامێکی زۆر باشە بۆ دیزاینەران و چالاکانی ئەو بوارە. پرۆگرامەکە چەندین نموونەی لۆگۆی تێدایە، پرۆگرامەکە هەموو ئامرازەکانی پێویست بۆ دیزاینی لۆگۆ بەکوالیتی بەرز بەشێوەی ڤیکتۆر چێ دەکات، چەندین شێوەی ئەندازەیی سەرنجڕاکێش لەبوارەکانی، تەکنۆلۆژیا، بازرگانی، ژینگە و تەندروستی، وەرزشی و پەروەردە و بازرگانی...تاد.



# هاردەکانی ئەنتەرنێت بناسن

پێدەچێت کۆمپانیا گەورەکانی جیهان کارێك بکەن، بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت پێویستیان بەهارد و فلاش میمۆری و میمۆری کارت بۆ خەزنکردن و ئەرشیف کردنی داتاکانیان نەبێت، باشترین و ئەمنترین و گونجاوترین ڕێگا بۆ خەزنکردنی داتاکان ئەو سایتانەن کە ئەرکیان بەخشینی هاردی مەجازییە لەئینتەرنێتدا. چەندین کۆمپانیای گەورەی جیهان لەهەوڵی ئەوەدان ئەو خزمەتگوزارییە گرنگە بەرفرە بکەن بۆ نموونە:

Dropbox ئەو سایتە خزمەتگوزارییە لەساڵی 2008ەوە تاکو ئێستا سەرنجی زۆر کەسی بەلای خۆی ڕاکێشاوە و هەربۆیە بەکارهێنەرانی ئەم سایتە لە50 ملیۆن تێپەڕی کردووە. هەموو کەسێك لەو سایتەدا دەتوانێ هاردێکی 2 گیگابایتی بەخۆڕایی هەبێت و ئەگەر سایتەکە بۆ خەڵکی دیکەش پێشنیار بکەی ئەوە هاردە 2 گیگایەکە دەبێتە 16 گیگا.

گوگڵ درایف: ئەمەش یەکێکە لەخزمەتگوزارییەکانی گوگڵ کە بەدرێژی لەژمارەکانی پێشووی گۆڤارەکەماندا باسیمان لێوەکردووە، تەنیا بۆ بیرهێنانەوە دەڵێین لەوسایتەدا مافی 5 گیگا خەزنکردنت بەخۆڕایی هەیە.

مایکرۆسۆفت سکای درایف: ئەمەش خزمەتگوزارییەکی خەزنکردنی داتاکانە لەئینتەرنێتدا کە لەلایەن کۆمپانیای مایکرۆسۆفتەوە دانراوە، لەو سایتەدا دەتوانی 7 گیگابایت داتاکانت خەزن بکەی.

ئای کلاود: ئەمەش خزمەتگوزارییەکی نوێیە لەلایەن کۆمپانیای ئەپڵەوە دانراوە، بۆ سیستەمی ماك باشترین هاردی ئەنتەرنێتییە. تەنانەت لەگەڵ ئامێرەکانی دیکەی ئەپڵیش وەك، ئایفۆن، ئایپادیش دەگونجێت لەو هاردەی ئینتەرنێتییەی ئای کلاوددا دەتوانی 5 گیگا داتا خەزن بکەی.



# بڵندگۆیەکی بلوتوسی پۆرتێبڵ

سیستەمی بڵندگۆی بلوتوسی پورتێبڵ کە بەناوی ST-66BTA Satechi ناسراوە، بڵندگۆیەکی گونجاوە بۆ گوێگرتن لەمۆسیقا بەتایبەتی لەگەشت و سەیراندا. بڵندگۆکە لەگەڵ گشت مۆبایل و تەبلێت و کۆمپیوتەرێك دەگونجێت. کوالیتی دەنگی بڵندگۆکە لەکاتی جوڵەشدا واتە ئەوکاتەی لەئۆتۆمبێلدا زۆر باشە. سیستەمی بلوتوسی بڵندگۆکە هەتا مەودای 33 مەتریش ئەکتیڤە. باتری بڵندگۆکە لەمادەی لیتیومە کە بەهۆی کێبڵی USBەوە شەحن دەبێتەوە.







خوێنەرێکی بەڕێزی گۆڤارەکەمان پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێ، لەزۆر سایتی ئینتەرنێتیدا و تەنانەت لەCDی فرۆشەکانیشدا دەبینم کە نووسراوە پرۆگرامی پۆرتەیبڵ (portable) مان هەیە، مەبەست لەپرۆگرامی پۆرتەیبڵ چییە و چ ئەرکێك ئەنجام دەدات.

خوێنەری بەڕێز وشەی پۆرتەیبڵ بەمانای ئەو شتەی کە هەڵگرتنی ئاسانە، یانی بەئاسانی هەڵدەگیرێ دێت، خۆت دەزانی بۆ سوود وەرگرتن لەهەر پرۆگرامێك دەبێت پرۆگرامەکە لەکۆمپیوتەردا سێتەپ یان ئینیستۆڵ بکەی، بەکوردییەکەی یانی دابمەزێنی، ئەگینا ئەو پرۆگرامە ئەکتیف نابێت، بەڵام لەپرۆگرامەکانی پۆرتەیبڵدا پێویست بەسێتەپ کردن و ئینیستۆڵ کردن ناکات، بۆ نموونە تۆ نیازت هەیە لەسەر کۆمپیوتەرێك دەستکاری وێنەیەك بەپرۆگرامی فۆتۆشۆپ بکەی، بەڵام سەیر دەکەی پرۆگرامی فۆتۆشۆپ لەسەر کۆمپیوتەرەکە نییە و دابەزاندنی پرۆگرامی فۆتۆشۆپیش بۆ سەر کۆمپیوتەر ماوەیەکی پێدەچێت، یان کۆمپیوتەرەکە هی خۆت نییە و خاوەنەکەی ڕەنگە حەز نەکات ئەو پرۆگرامە دابەزێنییە سەر کۆمپیوتەرەکەی، بەڵام ئەگەر پرۆگرامی فۆتۆشۆپی پۆرتەیبڵ لەسەر فلاش میمۆرییەکەت بێت، ئەوکات بەبێ دابەزاندن و تەنیا بەدانانی فلاش میمۆری لەسەر کۆمپیوتەر دەتوانی سوود لەپرۆگرامەکە وەربگری. یان حەزت لەیارییەکە بۆ دابەزاندنی یارییەکەش بۆ سەر کۆمپیوتەر ماوەیەکی پێدەچێت، بەڵام ئەگەر یارییەکە لەسەر فلاش میمۆرییەکەت بەشێوەی پۆرتەیبڵ هەبێت، ئەوا بەئاسانی دەتوانی یارییەکە بکەی.